شیعر

تا دوا دڵۆپ
تا دوا هەناسە شیعر

کەریم دەشتی

1

ڕامبۆ

ڕامبۆ بە تیغی ساودراوی زمانی
بە هەردوو قاچە لاواز و ماندووەکانی
گیای دامێنی زۆنزای
لە ژێر قاچەکانی پلیشاندەوە و
هاواری کرد، هاواریێکی ئاگرین
ئەی گیاکان
من هەرگیز شیعر بۆ ئێوە نانووسم
قاچەکانی بۆنوبەرامەی گیایانی هەڵئەمژت
لە میان چیاکانی باڤیلادا هەڵوەرین
بۆ گیات نەنووسی ڕامبۆ؟
بەڵام گیا تا ئەبەد شین ئەبێ ڕامبۆ
بە ئومێدی ئەوە مەبە
گیاکان شین نەبنەوە
قاچەکانت بە پەتای جوزام هەڵوەرین
بەڵام هەموو ساڵێ
بەهار دێ و گیاکان
لە کەناری مۆزێل شین ئەبنەوە

2
گۆشەگیریی خۆخ

بەسەر لقی درەختی حیکمەتەوە
وەك زیوی سپی چرۆی دەرئەکرد
وەك یاقووتی شین ئەدرەوشایەوە
کە وادەی هات و گوڵی پەڕی گرت
وەك ساوی ماهووت ئەگەشایەوە
کاتێ گەیشتە دوا لوتکەی ڕسکان
کەوتە خوارەوەو تەلان لوولی دا
بۆ تەمتوومان و سیسبوون و پیریی
ئەوساکە زانی ئەویش بۆ ئەبەد
کەوتۆتە داوی ناو گۆشەگیری

3
پاسی ژیان

تا ئەهات دووری ئەخستمەوە
ڕابردووشم وەك ئاسکی سپی
تا ئەهات لە چاو ئەترازا
دواجار جگە لە تارمایی

شیعر

شتێ لەبەر چاوم نەما

زانیم پاسەکە

دوا وێستگەی تەمەنی بڕیوم

ئیدی منی بۆ ئەبەد

لە زیندوێتی کڕیوم

4

ئاگری ڕەش

ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە

تووڕەیی شاخێ بوو

ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە

خەمباری باخێ بوو

ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە

سێدارەی ناخێ بوو

ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە

وەك هەوری سەرچەم و دۆڵەکانی

ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە

تووڕەیی نیشتیمانم بوو

لە ناپاکی ڕۆڵەکانی

5

گۆچان

هاوڕێکەم نوکتە دەگێڕێتەوەو پێئەکەنین

گۆرانی ئەڵێ و ئەگرین
هاوڕێکەم ئێستا گۆچانێکی هەڵگرتووە
جار جارە سەری ئەسووڕێ
کتێبەکەی تووڕ هەڵئەدا
جگەرەیێ دائەگیرسێنێ
هەناسەیێ ساردی
وەك بەفر بەبائەدا

6

باخی سپی

ویستم بەرز ببمەوە کەوتم
خۆم لە تەك کوپەیێ شەراب بینییەوە
پەیمانەم بینی بەسەر دەم ڕاکشابوو
پەیمانەی سپی مینا تەمتوومان
پەیمانەکانم پڕ کرد لە شەراب
شەرابەکەم خواردەوە
کەوتم، بەڵام گەیشتمە ئاسمان
ویستم بکەوم بەرز بوومەوە
سەرم دای لە مانگ
وام زانی بەرەو فەنا ئەچمەوە
مانگ شکا بوو بە ئاوێنە
ئاوێنەم هەڵگرت

شیعر

خستمه ناو باخی سپیی کتێبخانه

کتێب بوو به نوور

ئێستاش بەو نوورە

هەروا ئەڤرم و بەرز ئەبمەوە

7

ئاوارتە

هەموویان لەبەریا هەستانەوە

کەسێ تەنها وەستا بوو

سەیری خۆرەتاوی ئەکرد

تەنها ئەو دانیشتەوە

تێگەیشتم هەندێ دانیشتنەوە هەیە

هەموو هەڵسانەوەکان ئەکوژێت

8

سیسبوون

چەند وەستام

لە ئاستانەی سپی سیماتا نەهاتی

چەند سووتام

لە کانوونی گەرمی نیگاتا نەهاتی

ئەی شووشەی ئەو دڵە شکاوەم

چەند بە دوات لەت لەت بووم نەهاتی

ئەوێستاش لە تاقی ئاسماندا

وەکو خۆر هەڵاتی

بووم بە خۆڵەمێشی بەر بارانی ئەبەد

دەبینی نەهاتی و نەهاتی و نەهاتی

ئەی تەونی چلچراو نەخشی خوێن

ئەی شەوقی پڕ لە نەزم و بەزم و بێن

ئەی تاوێ لە بارانی تووڕە

دڵ هات و سووڕاوە بوو بە تەم
تەم هەموو گڕی گرت
تەمتوومان ڕەوییەوە
نەهاتی

9

تریفەڕێژ

زۆرجار قەڵەم لە ناو تەمتوومانی وشە
گیر ئەبێت و ڕۆحی ئەبێتە خۆڵەپۆك
هەندێ جاریش
لە ناو وەردی پڕ لە چەمکی وشەکاندا
مەست ئەبێت و
بۆ پەریسای دێرە شعرێکی ئەبەدی
دێتە سەرچۆك
زۆرجار قەڵەم ئەکوژێتەوەو داناییسێ
لە ناو کوانووی ماناکاندا
بە هیچ تەلەزمە ئاگرێ داناگیرسێ

بۆ گەیشتن بە باخی پڕ گەڵای مانا

تۆ ڕووناکی هەڵئەکەنی

ئەبێ هەتا ماوی بگری

تا بۆ جارێ پێبکەنی

ئەی قەڵەم

ئەی تریفە ڕێژی جاویدان

10

بەندۆل

هەموو ڕەنگەکانت گرتووە

هەر ئەڵێی شارەنگ و شەبەنگی

هەم شوێنی و هەم کاتی

وەك ئەوەی فەلەك هەڵسووڕێنی

هەموو ئاوەکان لە سیماتا هەڵئەڕژێن

هەر ئەڵێی زەریا لە ڕۆحتایە



هەم بازی و هەم قەفەز

وەك ئەوەی هەبوونم لە دەستی تۆدابێ

جارێ لە فڕینی و

ئاسمانم پڕ ورشەی باڵ ئەکەی

جارێکیش سەراپای کیانم

لە قەفەس بەند ئەکەی

هەم شەرابی سپی کەوناری

هەم ساقی

جارێ جامی گەشی پەیمانەم

لێ وردوخاش ئەکەی

جارێکیش بۆ ئەبەد

سەری پڕ لە شیعرم مەست ئەکەی

لەززەتی ئەشقی من هەر ئاوا نەمرە

کە تۆ هەم یەقین بی و هەم گومان

منیش بەندۆلێکی تا هەتا سەرگەردان

11

ئازادی

ئەگەرچی بای چاخی سەهۆڵ
وەکو پووشێ ئەمهێنێت و ئەمرفێنێ
شەپۆل لە دەریای بێ وچان
وەك قایغێکی سەرگەردان ئەمسووڕێنێ
زریانی چلەی ڕەوەزان
مووخی سپی ناو ئێسقانم ئەسووتێنێ
بەڵام ئەوەی گەرمی ئەبەخشێ بە خوێنم
تەنها شیعرە
شەوقی مەلی ئازادبوونە
لەناو بێشکەی جاویدانی ڕامئەژێنێ

12

تاو تاو

وا هەست ئەکەم
پەرداخێ شەرابی سووری
لەناو تاقی پەنجەرەیێ
کەپڕ هەتاوی زێڕ بووە
ئەندێشەی پڕ ئاگر کردووم
هێندە سورفڵ هەڵگەڕاوە
ئەڵێی خۆخێکی شەرمنە
تازە شیری تیا پژاوە

شیعر

12

ئاگری وجود

شەوێ من و ئاو بەتەنها ماینەوە

ئاگری نهێنی وجود دایگرتین

شەو خۆی و هاژەی ڕووباری

ڕووبار خۆی و لمی کەناری

کەنار خۆی و بەستەی شەپۆل

شەپۆل خۆی و تارمایی ڕاوچی

ڕاوچی خۆی و گیانی ماسی

ماسی خۆی و تەڵەسمی تۆڕ

منیش خۆم و بەلەمەکەم

لەناکاو جەستەی نەوڕەسێ داگیرسا

قەڵەمی دڵم ئاگری گرت

وەك زەیتی خودا داگیرسا

ژۆنزا: چیای ژۆنزا لە فەرەنسا
باڤیلا: چیای باڤیلا لە فەرەنسا
مۆزیل : ڕووباری موزیل لە فەرەنسا
ڕامبۆ شاعیرێکی فەرەنسی بوو.
بە نەخۆشیی قاچەکانی کۆچی دوایی کردووە

مەهێڵە لە دایک بم!

کەژاڵ ئەحمەد

جاری جاران شێرەکە بچکۆلانە بوو،

دەماننا بە دڵمانەوە و دەمانلاواند.

ددانەکانی تیژ نەبوون گازی دەگرت

بەڵام خوێنی لێ نەدەهات!

ئەوسا شێرەکەمان بەڕاست پادشاهی دارستان بوو.

هەرچییەکی بکردایە پاساومان بۆ دەهێنایەوە دەمانوت ساوایە !!

شیعر

ئێستا شێرەکە گەورەیە

ئێستا شێرەکە زامدارە پەلاماری کارئاسکی تازە پێگەیشتوو دەدات.

دەرگاکانتان بەسەد قوفڵی ئەفسانەیی،

دەمتان بەسەر ماڵی گەرمی سەدان قسەی نەوتراودا پێوە بدەن وا مەرگ دێت ...

شێرەکە خوێنی لێ دەتکێت

دارستانی داوەتەبەر کەڵبە زەبەلاحەکانی.

بە گوڵ و گەڵا و ڕەگەوە میللەتێ کەوتۆتە داوی خەیاڵی خەوزڕانیەوە.

کە نەڕاندی ...

کوڕەکانتان کچەکانتان توند بنێن بە سنگتانەوە

لەبەرئەوەی ئەو گەردێ لە ڕێزی نییە بۆ سەرپۆشی،

ڕەشی سەری دایکایەتیی ئەو هاتووە...

پەلاماری منداڵی ناو حەرەمی ڕەحمیشتان بدات !

بە مەرگا نا...

بە ژیاندا نامەیەکی چاوتەڕم بۆ ناردوویت دایە گیان،

مەهێڵە لە دایک ببم ڕام بوەستێنە

لە پشتی کۆماوەی باوکمدا تا سەردەمی نەمانی شێرەکە !!

بە چرپە بە خودا بڵێ:

من دەمەوێت لە سەردەمێکی باشتردا کۆرپەکەم لەدایک ببێت .

هەموو شتێک تێپەڕی
تێپەڕی هەموو شتێک

ئەنوەر حسێن

ئێمە تەنیا ئەو کەسانەمان خۆش دەوێت
کە پێمان وایە لە دەستیان دەدەین
«جان جاك ڕۆسۆ»

هەموو شتێک تێپەڕی

ئەوین، تەمەنی سپارد بە چاوەڕوانی

خۆزگە، ڕەگی لە خاکی دڵڕەقی تۆدا خنکاوە

مەملەکەت، پادشای بێ بەزەیی دڵی منی

ئومێد، هەڵوەرینی باڵی پەپوولەی ئەوینە

دیداری چاوەڕوانی، نزیکبوونەوەی پەیامی مەرگی منە

حیکایەت، زاڵمی و جەلادیەتی تۆ و قوربانیی من

«هەموو شتێک تێپەڕی

تێپەڕی هەموو شتێک»

ئەگەرچی خەمی ئەوینی تۆ

وا بە کۆڵی سیزیفەوە

هەر تل ئەخوا و گڵۆر ئەبێتەوە

نەدەگاتە لوتکە و نە بیر ئەچێتەوە

ئەگەرچی بادە دەپەرستم، تا خۆم لە بیر خۆم بەرمەوە

بەڵام

ژیانی من،

بۆتە بارمتەی بێ وەفاییەکانی تۆ

جەستە و ڕوحم بەرگەی، یادکردنی تۆش ناگرێ

هێندە ئالوودە بووم بە بێ تۆیی

تلیاک و قایرۆسی دابڕان، دەوای بێ حاڵیم ناکات

وەرەوە لەم سەفەرەت

هەموو شتێکم پێ بڵێ

ئەم هەموو بوغز و ڕقوکینەیە، دەچێتەوە سەر

کام ماڵی دڵڕەقی؟

ئەم دوودڵی و ڕاراییە، دەگاتەوە بە کام

مێژووی ئەزەلیی گومان؟

من دەزانم،

بەختەوەریی ئێستای تۆ، لە فرمێسکەکانت

زیاتر نییە!

خۆڕازاندنەوەت، لە داپۆشینی گریانەکانت

هیچی تر نییە!

ماڵی پڕ عەجولیت، لە ئەوینی

دونیا و چریکەی پارسا و تابلۆکانی من و

لەچک، بۆن، میکیاژ و کتێب و

کاسێتەکانی ئیفتیخاری و مختاباد و

بیرەوەرییەکانی فروغ، سەمەدی بەهرەنگی و سوهراب،

زیاتر نییە

دەرخستنی جاروبارت،

لە پەیامێکی پڕژانی

جریوی پاساریی تەوەلا لە مەنزڵی

دابڕانی نەوتراو بەدەر نییە

شیعر

بێ دەنگیت،

بوغزی هەنسکی دڵی پڕ قوڵپی گریانی پڕ لە یادگارییە شیرینەکان

زیاتر نییە سەفەرت،

ڕاکردن لە تەنیایی و

گوێگرتن لە مۆسیقای پێکەوەبوونی ناو

کۆڵانەکانی شار و سەفەری

ناو ڤارگۆنەکانی غوربەت

زیاتر نییە گەڕانەوەت، لە سوککردنی کۆڵباری

غەدر لە مێژووی دابڕانی ویژدان و

بۆنکردنی بیرەوەرییەکان

هەڵمژینی هەناسەی عاشقانە و

پیاسەیەک بە شەقامی خەونەکانت

زیاتر نییە

گۆرانییەکانت، لە بەتاڵکردنەوەی ڕۆحی

ژەنگگرتووی ژانگرتووی، ژنێک و

ڕابردووی، پڕ لە خەون

تامەزرۆتر نییە

دوورکەوتنەوەشت، لە ئازاری عشقی من بەدەر نییە

کەی

ئەم تەلیسمە شەیتانییانە

دەشکێنێ؟

کەی

ئەم چێژە کپ کراوە

دەکەوێتە باوەشی میهرەبانییەوە؟

کەی؟

«تێپەڕی هەموو شتێک

هەموو شتێک تێپەڕی»

عەشق هیی لاوازەکانە .....

ڕەنگە ئەوە من بم

عەشق درم و پەتای ئینسانەکانە

ڕەنگە ئەوە من بم

دەزانم،

عەشقێک نییە، بە بێ برین

بە بێ ئالوودەبوون

بە بێ هەڵوەرین

دەزانم، هۆگربوونێک نییە،

بێ نیگەرانی

بێ ئازاردان

بێ سەرگەردانی

بەڵام نامەوێت

خوو بە تەنیایی، بێ تۆییەوە بگرم

دەمەوێت قوربانیی جەللادییەتت و

شیعر

مەزڵوومی و زاڵمیت و
کۆیلەی، دڵڕەقیت
ئالوودەی، بێ وەفایت
ئاوازی، قامچییەکەت
عەبدی، پادشایەتیت
گریاوی، قاقاکانت
زەلیلی، ئارەزوەکانت
بەدبەختی، کامەرانیت
تێکشکاوی، سەرکەوتنەکانت بم
زیندانی، زیندانەتەکەت بم
بەڵام تۆ هیی منی بیت
«هەموو شتێک تێپەڕی»
تێپەڕی هەموو شتێک»
دەریات بۆ دەکێڵم
ئەستێرەت بۆ دادەگرم
مەحاڵ دەکەمە یەقین
کۆیلەیی دەکەمە بەخشندە
بەڵام
دەمەوێت تۆ هیی من بیت
با ئەوەش ڕاست بێت
«عەشق کۆیلایەتی بەرهەم دەهێنێت»

ئەوەش دەزانم

ئەوەی بێ شێتی بژی

نە زۆر عاشقە و

نە زۆر عاقڵە

«تێپەڕی هەموو شتێک

هەموو شتێک تێپەڕی»

وەرەوە ئەم سەفەرە بێ خواستەت تەواو بکە

ڕەنگە تۆ کاتێک بێیتەوە

من چێژ لە پێکی ڤۆدگا نەکەم

باوەشی میهرەبانیم، تەزی بێ

بەهاری دڵم، غەم و غوربەتت تەنیبێتی

قەترانی قژم، ڕوخساری بەفری گرتبێت

دەستمی، دۆستت، گۆچانی چاوەڕوانی بەڕێ بکات

دیدەی چاوەڕوانی عاشقانەم، فرمێسکی تامەزرۆیی وشک بوو بێت

ئارەزووی شیعرم، دڵڕەقی کوێری کردبێتەوە

هەستی ناسکم، تۆفانی بێ وەفایی تارومای کردبێت

چاوەڕوانیم، غیرەی بێ غیرەتی وێران کردبێت

ڕەنگە تۆ

کاتێک بێیتەوە

کۆشکی درەوشاوەی من، کونەپەپوو هێلانەی لێ کردوە

شەش دەری بەختم، گومان، هەموو ڕێگاکانی لێ گرتوە

شیعر

تۆش بە هاوسەری، ئازادیی خۆت وەرگرتوە

زیندانت بۆ ئەم ئەوینەی من دروست کردوە

«هەموو شتێک تێپەڕی

تێپەڕی هەموو شتێک»

دەڵێن ئەو دڵەی کە ڕۆژێک

نەشکێنرابێت، هێدی هێدی دەبێتە بەرد

بریا سەد جار بمشکاندبا

تا بە هیچ دەرمانێک پارچەکانی پێکەوە نەلکێنرایە

نەک بوو بێتە تاوێر

بە هیچ پیووپوازێک

ناشکێنرێ و

دڵڕەقی کوێری کردۆتەوە

بەڵام

هێشتا

گەر بڕیار بێت دە ئارەزووم بنووسم

یەکەم ئارەزووم تۆی، دووەم و سێیەم و چوارەم تۆی و

دەیەم هەر تۆی

هەرچەندە

بە زوڵمی ئەوینی مێژووت

ئاهی ساردت بە دڵی غەمبارمدا کردوە

خوێت، بە بریتی ناسۆرمدا کردوە

شیعر

کەچی دەڵێن

«دڵ هەرچەندە دوور بڕوانێ دواجار

هەر ئەچێتەوە لای ئەو»

ئەتۆ پێتوایە، چۆنم بێ تۆ؟ چۆن؟

تۆش هەر بڵێ

«هەموو شتێک تێپەڕی»

تۆ چ وەرزێکی بێ دڵی

نە گوڵ، لە سینەتا دەپشکوێ

نە لێوەکانت ڤۆدگایەک سارد دەکاتەوە

نە ئاسۆیەک، تیایدا هەڵدێت

نە بارانێک، بەسەرتا دا دەباڕێت

نە سێوێکی سووری حەرام، لە باختدا بەر دەگرێ

نە پەلکەزێڕینەیەک، لە ئاسمانتدا ئاوا دەبێت

نە ساز و ئاوازێک، لە ماڵەکەتا دەژەنرێ

نە بەفرێک، دەباڕێتە باخچەت

نە قەقنەسێک، ڕووی تێ دەکات

نە پەپوولەیەک، لە ئاسمانتا باڵ لێکدەدا

نە قەقنەسێک، لە ماڵەکەتا دەخوێنێت

لەبەرئەوەی عەشقەکەت بێزارکەر نابینم

ناتوانم باوەڕ بهێنم بە باڵای

لەبەرئەوەی تا ئەوپەڕی نەرجسی

ئەم عەشقە بۆم زیندانە

لەبەرئەوەی تا دوا پلە بێ باکی

بیرەوەرییەکان، مێژوویەکی سپیی شەرمنانەیە

چونکە عەشق یاسایەکی نییە

تۆ بۆ ئەبەد، مەحکومی بە

وێرانکردنی عەشقی مەملەکەتێک

بۆ تۆ، من ئامراز بووم و منداڵە ئامانج

بۆ تۆ، من عاشق بووم نەک باوک

بۆ تۆ، من هەرزاڵێکی کاتی، نەک ماڵێکی هەمیشەیی

بۆ تۆ، من شاعیرێکی مەست، نەک بوونەوەرێکی دێوانە

بۆ تۆ، من جەنگەڵی نەهامەتی، نەک فریادڕەسی تەنیایی

بۆ تۆ، گومانێکم لە دەرەوەی مێژوو، نەک سایە و سێبەری پڕ لە یەقین

بۆ تۆ، من دێوانەیەکی ڕسوا، نەک فەرهادێکی ڕەنج بە خەسار

بۆ تۆ، من ماسکی پیاوێکی دۆڕاوم، نەک ئایندەیەکی تامەزرۆ

بۆ تۆ، من لە دەرەوەی مێژووم

بۆ تۆ، من قەڵەڕەشێکی نەگبەتی ئاسمانی

بەدبەختی بێ شانسی، تووڕەم

نەک بازی خۆش بەختی،

بۆ تۆ، عشقی منت نەگەیاند بە حەقیقەت

بۆیە ئەم کارەساتەت بەرپا کرد

و ئێستا دەڵێ

شیعر

«هەموو شتێک تێپەڕی»

سالّی جارێک پەیامێک دەنێری و

وەک پایز ون دەبیت

ئاگر بەردەدەیتە، چاوەڕوانیم

ئەم هەموو سیحرە شەیتانییە لە کوێ

فێربووی ئەی حەوا ....؟

سالّی جارێک وێنەیەکم بۆ دەنێری

وەک پەری خۆت دەڕازێنیتەوە

ون دەبی.....

ئەم هەموو ئازاربەخشینە لە کوێ فێربووی

ئەی ئیبلیس؟؟

هەمیشە دەمهێلّیتەوە

لەنێوان ڕۆیشتن و هاتنەوە

لەنێوان چۆن بە دەستم هێنای و چۆن لە دەستمدای

«هەموو شتێک تێپەڕی

تێپەڕی هەموو شتێک»

لە شاری هەنارەوە دێیت، بە بەرچنەیەک

ترێ ڕەشی، ڕەزی سووتاوی مالّی شەراب

خۆت دەکەیت بە مالّی مەست و تەنیایی مندا

لە ولّاتی شیعرەوە دێت، بە جانتایەک ئەستێرەی

سووری قاچاغ بۆ گۆڕستانی

ژیان

لە باخی سێوە سووری حەرامەوە دێت، بە پاکەتێک

بۆنی گوشراوی هەناسەی دابڕان

بۆ مااڵی ماچ و باوەش

لە ئاسمانێک نیگای بێ دەنگییەوە دێت، دڵێک

ترپەی هەزار ئاوازی غەمگین

نە ژێندراوی گۆرانی، بۆ حیکایەتی نەوتراو

لە گوڵزاری پەروانەوە، دەخزێتە ناو باخی خەزانی

پایز، هەزار نەقش و نیگار

دەنوێنێ، بۆ دڵی شکاوی، تەنیا

لە کۆاڵنی شاری ئاشووبەوە دێت، بە

جیهانێک ڕق و دڵشکانەوە، بۆ مااڵی

پەپوولە لەوپەڕی کوێستان

لە کوچەی میهرەبانییەوە، دونیایەک ئارامی و

باوەشی گەرم دێنیت و خۆت دەکەیت

بە ڕوحی شەڕەنگێزی ئادەمدا

لە ئۆقیانووسی ئارامگرتووی ئەیووبەوە دێت و پڕی

لە بۆن و بەرامەی بەرائەت و لە کەناری

غەدر ئارام دەگری

لە کوچەی دڵشکاوەوە دێت، بە سەبەتەیەک گوڵی

سوور وەک نەوڕەس هەموو دەریاکان

تەی دەکەی و هێشتا هەر
دەخوێنی و باڵ لێک دەدەی
لە قۆزاخەی چاوەڕوانییەوە سەر دەردێنی، دەچیتەوە
ماڵی جەهەننەم، دەستەکانت
پڕ پڕن لە ماچ و گوڵ و شەونم
لە هەرزاڵی تەنیاییەوە، کوخێ دەچنی بۆ
باوەشی ئاوریشمی جەلادێک کە
دەتباتەوە سەر خەونی گومان و بێ وەفایی
لە کۆشکی دڵشکانەوە، بە ئاوازێکی جاویدانی
ڕێی سەفەری توش دەگری و
دێیتەوە ئاوێزانی دابڕان و و دووری
سەر لە نوێ
دەچیتەوە سەر دەفتەری بیرەوەرییەکان
لە کێڵگەی گەنمی قەرسیلەوە دێت، بۆ تێرکردنی
برسییەکانی عەشق و دەستەکانت
پڕ دەکەیت لە سێڵاوی بروسکە و باران
لە هەناسەی بارانەوە، دادەکەیتە سەر ڕوحی
ژەنگگرتووی بێ هیوایی و
شەونم دەکەیت بەسەر لاشەی
مردوودا
لە باخە گوێزی هەورامانەوە، بۆنی پەرەزە و توو فەرەنگی

شیعر

دڵ شکاوەکان دێنی و
بۆن و بەرامە دەکەیتە سەر گڵکۆی ئازیزانمان
لە ئاوێەری، سەر مەستەوە، بە ئاڵای سوری
بێ سەر پەناکانەوە دێت و
دەستەکانت پڕ دەکەی لە ماچ و گوڵ و
باران و بەرامەی جاویدانی
لە هێلانەی کوکوختییەکانەوە دێت و عشق
پڕ دەکەی لە فڕین
ماڵێک بۆ نیشتمانی دڵ دروستدەکەی
لە ماڵی قەقنەسەوە دێت و بە ئاوازێکی غەمگین دەخوێنێ
گۆڕەکەم پڕ دەکەی لە سایەی میهرەبانی
لە سنوری ئازارەوە دێت
دەتەوێت پڕم بکەی لە بۆن و بەرامەی ئەوین
و دەستەکانت پڕ کەی لە شیلانە و یاسەمین
کەچی زوو کۆچ دەکەی بۆ تاراوگە و
ئێرە دەکەیتە کاولستانی غەدر لێکراوان

نوێترین پڕۆژەی چاپکراوی دەزگای ئایدیا





سلێمانی
گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران
07709556990 - 0533220180

www.ideafoundation.co
2018idea@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea